گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان-سلێمانی، بەرگی( 1) ژمارە ( 1)
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:31-43
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6 Feb/2017

# ڕۆڵی تەلەفزیۆنی وەرزشی لە دروستکردنی وێنەی زەینی لای وەرزشەوانان، کەناڵی (Sport TV ) و (Falcon Eye TV) بە نمونە.

سازگار حەمەأمین صالح [1]، هاوری محمود رسول[2]، کاروان عبدالله محمد[3]

[1]ماجستێر پەیوەندی گشتی/ مامۆستای یاریدەدەر/ڕاگەیاندن، [3,2]ماجستێرTv /مامۆستای یاریدەدەر/ڕاگەیاندن.

[3]karwan.muhammad@univsul.edu.iq

## کورتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە تیشکی خستۆتە سەر بواریکی گرنگی میدیا، کە بریتیە لە پەیوەنیدی بەهێزی نێوان میدیای تایبەتمەند و پەیوەندیەگشتیەکان بۆ دروستکردنی کاریگەریان لەسەر دروستکردنی وێنەی زەینی لای بینەر، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر شێوازی میدیا و ڕاکێشانی بینەری هەمیشەو گۆڕاوو هەیە. لەو ڕوانگەوە ڕۆڵی گرنگی پەیوەندیە گشتیەکان و میدیای تایبەتمەند لە دروسکردنی وێنەی زەینی لای بینەر بوەتە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە، ئەمەش بە وەرگرتنی نمونەی دوو مناڵی تەلەفزیۆنی وەرزشی (HD) لۆکاڵی، کە پەخشی بەرنامەی وەرزشیەکانیان لە هەرێمی کوردستان دەکەن ، هەروەها وەرگرتنی وەرزشەوانانی شاری سلێمانی وەك سامپڵی توێژینەوەکە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە نیشاندانی کاریگەری کەناڵە تایبەتمەندیە وەرزشیەکانە لە دروسکردنی وێنەی زەینی لای وەرزشەوانان و ڕۆڵی پەیوەندیەگشتیەکان لەو بارەیەوە.

توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی میتودی پەسنکاری (وەصفی) دا ئەنجامدراوە، پەیرەوی ڕێبازی ڕووپێوکاری (مسحی) کراوە.

توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتوە کە بریتین لە :

1. هەماهەنگی لە نیوان میدیای تایبەتمەندو پەیوەندییەگشتیەکانکان ڕۆڵی دروستکردنی وێنەی زەینی لای بینەران زیاتر دەکات.
2. کەناڵە وەرزشیەکان لە هەرێمی کوردستان ئەو وێنەیان لە زەینی وەرزشەوانانداا دروست کردوە کە وەك سەرچاوەی بلاّو کردنەوەی چالاکیەکانیان لێی بڕوانن.
3. کەناڵە وەرزشیە کوردیەکان نەیان توانیوە ببنە تاکە سەرچاوە بۆ وەرزشەوانان.
4. کەناڵە وەرزشیە کوردیەکان لە ڕووی کاری پیشەیی و بێلایەنیەوە توانیویانە وێنەیەکی باش بخەنە زەینی بینەران و وەرزشە وانانەوە .

**کلیلە وشەکان:**

وێنەی زەینی، تەلەفزیۆنی وەرزشی، پەیوەندی گشتی، کەناڵی فالکۆن، کەناڵی سپۆرت

## ملخص الدراسة

دور التلفزيون الرياضي في تكوين الصورة الذهنية لدى الرياضيين، قناتي (Sport TV) و (Falcon Eye TV) كنموذج.

لا شك أن هذ ه الدراسة تسلط الضوء على جانب مهم من جوانب الإعلام، وهو العلاقة القوية بين تخصصية الإعلام وعمل العلاقات العامة للإعلام، وذلك لتكوين أثرهما على بناء الصورة الذهنية لدى المشاهد، ومن هذا المنطلق يتمّ عرض الدور المهم والفعّال للعلاقات العامة في تكوين صورة ذهنية وتخصصية للإعلام، وأثره أيضاً على الصورة الذهنية لدى المشاهد، والتي توازي هذه الجوانب كلّها وكشف مدى أثرهما على عاقبة موازاة تلكم الميزات والسمات. وذلك بأخذ نموذج من مؤسستتين محليتين متخصصين بالرياضة، وأخذ الرياضيين بمدينة السليمانية كعينة للدراسة وعرض آرائهم حول أثر تلكم القنوات في تكوين الصورة الذهنية لدى الرياضيين. وقد تسعى الدراسة لتحقيق أهداف مهمة ومحدّدة كبيان أثر القنوات الرياضية المتخصصة في تكوين الصورة الذهنية لدى الرياضيين، ودور العلاقات العامة بخصوص ذلك، وتوضيح أهمية تخصصية القنوات في تكوين الصورة الذهنية لدى المشاهد. ومن حيث منهجيةُ البحث، فقد تمتَ الدراسة في ضوء المنهج الوصفي، وسلكت الطريقة المسحية المعتمدة على توزيع استمارة الاستطلاع على الرياضيين الذين أصبحوا عينة الدراسة.

وفي الختام فقد وصلت الدراسة إلى نتائج، ومن أهمها:

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:31-43
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6 Feb/2017

1- وصلنا في هذه الدراسة إلى أن التنسيق بين هذين الجانبين يزيد من دور وفعالية تكوين الصورة الذهنية لدى المشاهد.

2- استطاعت القنوات الرياضية في إقليم كوردستان، أن تصبح مصدراً لنشر الأنشطة والفعاليات الرياضية، وكوّنت تلك الصور في ذهن الرياضيين كي ينظروا إليها كمصدر لنشر أنشطتهم وفعاليتهم.

3- بغض النظر عن كون القنوات الرياضية الكوردية مصدراً للأخبار والموضوعات الرياضية لدى الرياضيين، فمع ذلك لم تستطع أنَ تصبح المصدر الوحيد للرياضيين.

4- تمكّنت القنوات الرياضية الكوردية، من حيث العملُ المهنيُ والحيادية، نقل صورة جيدة إلى ذهن المشاهدين والرياضيين.

**Abstract:**

The role of Sport TVs in creating memorial figures among athletes.

This research centered on the important branch of media which is the strong relationship between being specialized media and the general actions of media to make the influence on the building of memorizing figure among audience. This has a direct impact of the media forms and withdrawing permanent and variable audience. From this perspective, this research has focused on the significant general relations in the building of memorial figure, specialization of media and the effect of audience's memorizing figure. This was conducted by the taking samples from the two most important (HD) local media foundations which they covered Kurdistan region of Iraq. As well as taking the athletes of Sulaimani city as a samples of the research.

The main aim of this research was to demonstrate the effect of the sport TV channels in the building memorizing figures among athletes and the roles of the general relations on them. This research has conducted using qualitative method and peruses the survey methods. The results showed the following points:

1. The cooperation between being specialized media and the relations increase the creating memorizing figures among audience.
2. The sport TV channels in the Kurdistan region of Iraq created those figures in the audience's memory which they looked as key sources of their activities coverage.
3. The sport channels in the Kurdistan could not be the unique source for the athletes
4. The sport channels in the Kurdistan in term professionally and impartially are able to input a good figure in mind of audiences and athletes.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:31-43
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6 Feb/2017

## یەكەم: پێشەكی توێژینەوەو كلیلی وشەكان وچوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەكە :

### 1. پێشەكی

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هۆكاری سەركەوتنی هەر پرۆژە و چالاكیەك لە هەردەزگا و دامەزراوەیەكدا ، پێویستی بە لێكۆڵینەوەو توێژینەوەی ورد هەیە، تەلەفزیۆنیش وەكو هەر ئامرازێكی تری ڕاگەیاندن هۆكارێكی گرنگە بۆ ئاراستەكردن و كاریگەری دانان لەسەر جەماوەر و سودپێگەیاندنی جەماوەر لەلایەن كەناڵە تەلەفزیۆنیەكەوە، توێژەران لەم توێژینەوەیدا تیشكیان خستوەتەسەر تەلەفزیۆنی وەرزشی كە تاچەند توانیویێتی ئامانجی سەرەكی بپێكێت وجەماوەری تایبەتی خۆی (وەرزشەوان) لە خۆی كۆبكاتەوە، وێنەیەكی كاریگەر لە زەینی بینەراندا دروست بكات، یاخود جەماوەری تایبەتی، كە مەبەست لێی وەرزشەوانانە تا چەندێك سودمەند بوونو كەناڵە تەلەفزیۆنیە وەرزشیەكان بەكاری خۆیان هەستاون. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش (تەلەفزیۆنی وەرزشی فالكۆن و تەلەفزیۆنی سپۆرت)، كە دوو تەلەفزیۆنی ناوخۆیی وەرزشی هەرێمی كوردستانن تا چەند توانیویانە ببنە سەرچاوەی زانیاری وەرزشەوانەكان؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەبێت بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پەنا ببرێتە بەر زانستی پەیوەندییە گشتیەكان و وێنەی زەینی كە بەرێگەی چالاكیەكانی پەیوەندی گشتیەكانەوە دەتوانین وێنەی باش دروست بكەین، لە هەردەزگاو دامەزراوەیەكدا، چونكە ئامانجی سەرەكی پەیوەندیە گشتیەكان بریتیە لە وێنەیەكی زەینی باشو خوازراو بۆ دامەزراوەكە، كەواتە دیاریكردنی وێنەی زەینی وەڵامی باشو خراپی دەزگاكەمان نیشان دەداتو لە ڕێگەیەوە دەتوانین باشی و خراپیو ڕادەی بەدەستهێنانی ئامانجی كەناڵەكەی پێبپێوین، ئەوەش لەڕێگەی دابەشكردنی فۆرمێكەوە كە پێكهاتوە لەچەند پرسیارێكی دیاریكراو. ئەم توێژینەوەیە پێكهاتوە لە چەند (بەشو پارو وەچەپار) ێك پێكهاتووە كە تیایدا پێناسەی چەمكەكان و میتۆدی توێژینەوە كراوە، هەروەها باسی وێنەی زەینی پەیوەندی پەیوەندی گشتی، دروستكردنی وێنەی زەینی كراوەو ئاماژەدراوە بە وەرزشەوان وەك جەماوەری تەلەفزیۆنی وەرزشی، لایەنی مەیدانی توێژینەوەكە كە گرنگترین بەشی توێژینەوەكەیە خراوەتە ڕوو و شیكاری بۆ كراوە.

### 2. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

#### 2 ـ 1. كێشەی توێژینەوە:

توێژینەوە پرۆسەیەكی سیستماتیكیە و پێویستی بەكات و بیركردنەوە و تێرامان هەیە و توێژەر دەبێ كێشەیەك هەڵبژێرێت كە پێویستی بە چارەسەركردن هەبێت، ئەو كێشەیەش دەبێ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەكاروپیشەی توێژەرەوە بێت. كێشەی سەرەكی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە هەردوو بابەتی (ڕاگەیاندنی تایبەتمەند و پەیوەندیەگشتیەكانی پێكەوە گرێداوە) بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو بابەتە لە ڕۆڵو گرنگیان لە دروستكردنی وێنەی زەینی لای بینەران بخاتەڕوو.

پرسیاری سەرەكی لێرەدا ئەوەیە ئایا چەندە لە ڕێگەی بنەماكانی پەیوەندیەگشتیەكانەوە دەتوانرێت كار بكرێت لەسەر دروستكردنی وێنەی زەینی، وەیاخود چەندە تایبەتمەند بونی ڕاگەیاندن بە بابەتیكی دیاریكراوەوە وێنای زەینی دەچەسپێنی، ئەی ئەگەر هەردوو بوارەكە پێكەوە كاربكەن كاریگەریەكە لە دروسكردنی وێنەی زەینیدا چی بەسەردێت ؟

#### 2 ـ2: گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە

1. توێژینەوە لەم بوارەدا نەكراو و دەگمەنە بە تایبەت بەزمانی كوردی و تازەگەری تێدایە بەوەی كە سێ لایەنی سەرەكی بەیەكەوە بەستوەتەوە ئەویش ( پەیوەندی گشتی و وەرزش و ڕاگەیاندنی تایبەتمەند).
2. شێوازی كاركردنی پەیوەندیە گشتیەكان لە ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی تەلەفزیۆنی وەرزش لە دروستكردنی وێنەی زەینی لای جەماوەرەكەی دەخاتە ڕوو.
3. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگی بوونی پەیوەندیەگشتیەكان لە كەناڵەكاندا كە چۆن پەیوەندی گشتی یەكان بەرپرسە لە دروستكردنی وێنەی زەینی دروست (خوازراو) لەلای جەماوەر، لە ڕێگەی شێوازی پلان دانان و شێوازی جێبەجێكردنی بۆ گەیاندنی پەیامەكە بەشێوەیەكی كاریگەر.
4. ڕاگەیاندنی تایبەت مەند چۆن دەتوانیت پەیوەندی بەهێز لەگەڵ بینەرانی تایبەتی خۆی دروست بكات و سەرنجی ئەوان لە دەوری بابەتەكانی خۆی كۆبكاتەوە.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:31-43
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6 Feb/2017

5. پرسیاری زۆری لەلای کەناڵە ڕاگەیاندنەکان دروستدەکات لەبارەی چۆنیەتی دروستکردنی وێنەی زەینی خوازراو لای جەماوەرەکەی بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری و هەروەها دەستکەوتنی قازانج و زۆرکردنی جەماوەری خۆی و برەودان بە کەناڵەکە، ئەمەش لە ڕێگەی پەیوەندیە گشتیەکانو بونیادنانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندەوە دێتە دی، چونکە بەبونی پەیوەندیە گشتیەکان و چالاکبونی چالاکیی گشتی و پلان و بەرنامەی بەهێز، پەیوەندی گشتی وێنەی زەینی خوازراو لای جەماوەر دروست دەبێت، هەروەك چۆن بە تایبەتکردنی میدیا بە بابەتێکی دیاریکراویشەوە سەرەتای دروستکردنی پەیوەندیەکی بەهێزە بە بینەران و خوازیارانی ئەو بابەتە.

### 2 .3. ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دۆزینەوەی جۆری ئەو وێنە زەینیە، کە لەلای وەرزشەوانان ، بەرامبەر هەردوو کەناڵی تەلەفزیۆنی سپۆرت تیڤی و فالکۆن تیڤی دروست بووە، هەروەها زانینی کوالیتی و پێگەو ئاستی کەناڵەکان لای وەرزشەوانان، کە ئایا هەردوو کەناڵ توانیویانە وێنەیەکی باش و ئەرێنی لای وەرزشەوانان دروست بکەن، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە دەرخستنی گرنگی پەیوەندی گشتیەکان لای جەماوەر، کە هۆکاری دروستبوونی وێنەی زەینی خوازراو و گونجاو ئەرێنییە.

### 2 ـ 4. میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا، سامپڵی توێژینەوەکە بریتیە لە وەرزشەوانان و یاریزانان و هەوادارانی بواری وەرزشی، کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی وەرگیراون، لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی تایبەتمەندە بەوەرزش، بەهەمان شێوە جەماوەرێکی تایبەت مەندی لەخۆی کۆکردوەتەوە .

توێژەران پاڵپشت بە میتۆدێکی زانستی دیاریکراو، کە بریتیە لە ڕوپێوی پەسەنکاری کە تیایدا فۆرمێکی ڕاپرسی ئامادەدەکرێت چەند پرسیارێکی تێدادا دەکرێت و شیکاری وەڵامەکان دەبێتە بنەمایەك بۆ ڕونکردنەوەی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە، بەمەش دەتوانرێت شیکاری ئەو بابەتە بکرێت کە ئایا هەردوو کەناڵە وەرزشیەکە، کە لەم توێژینەوەیەدا بەشدارن توانیویانە ئامانجی سەرەکی خۆیان لە دروستکردنی وێنەیەکی زەینی گونجاو و ئیجابی بەدیبهێنن، ئایا ئەو کارو چالاکیو بەرنامانەی، هەردوو کەناڵەکە پێشکەشی دەکەن. تا چ ڕادەیەك بوتە هۆی ئەوەی کە وێنەیەی گونجاو و لەباریان لەلای جەماوەرەکانیان بۆ دروست بکات.

### 2 ـ 5. پرسیارەکانی توێژینەوە:

ـ پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەی خۆی دەبینیتەوە لە:

1. ڕۆڵی پەیوەندیە گشتیەکان لە دروستکردنی وێنەی زەینی تەلەفزیۆنێکی تایبەتمەند لەلای بینەرانی چییە ؟
2. ڕۆڵی تایبەتمەندبونی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی وێنەی زەینی لە لای بینەرانی چییە؟
3. لە کاتیکدا ڕاگەیاندن لەسەر بنەماکانی تایبەتمەند بوون کاربکات و هاوتەریب بە ڕێکارە پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆ پرۆسەو ئەرکەکانی پەیوەندیە گشتیەکان بەرەو پێش بروا. ڕۆڵی هەردووکیان پێکەوە لە دروستکردنی وێنەی زەینی لای بینەرانی ئەو میدیایە چۆن دەبێت؟

### 2 ـ 6. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەدا بریتین لە :

1. کتێبو لێکۆڵینەوەو وتاری زانستی کە لەو بوارەدا نوسراون.
2. دروستکردنی فۆرمی تایبەتو دابەشکردنی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا کە وەرزشەوان.
3. سەردانی مەیدانی کەناڵەکان و بینینان لە نزیکەوە.

### 2 .7. کۆمەڵ و مشتە- عینە- ی توێژینەوە:

أ- کۆمەڵگای توێژینەوە :

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە لە وەرزشەوانانی هەرێمی کوردستان پێکدێت ، بۆ وەرگرتنی ڕایان لەبارەی دوو تەلەفزیۆنی هەڵبژێردراوەوەو سودیتن لێنراوە.

ب- مشتە- عینە-ی توێژینەوە:

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:31-43
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6 Feb/2017

مشتەی ئەم تیوێژینەوە وەزشوانانی سلێمانین و دوو تەلەفیزیونی وەرزشی کوردی، کە لە شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان کاردەکەن بریتین لە هەردوو تەلەفیزونی (فالکۆن- سپۆر)، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم عینەیەش دەگەرێتەوە بۆ:

1. دوو کەناڵەکە تایبەتن بە وەرزش و لە هەموو شاری سلێمانیەوە بەرنامەکانیان پەخش دەکەن.
2. دوو کەناڵی سیستمی (HD) ناوخۆیین، کە دەتوانن سەرجەم یاری و هەواڵەکان لە ناوخۆی هەرێمدا پەخش بکەن

ح. جۆری مشتە- عینە-ی توێژینەوە:

ـ سامپڵێکی هەرەمەکیە لە هەڵبژاردنی وەرزشەوانان و مەبەستدارە لە دیاریکردنی کەناڵەکان، کە ڕای وەرزشەوانانیان لەسەر وەردەگرین، ۆ ئەمەش 50 وەرزشەوان وەرگیراوە کە 33 کەسیان لە رەگەزی نێرن و 17 کەسیشیان لە ڕەگەزی مێ، وەك لە خشتەی ژمارە (1) دا خراوەتە روو

خشتەی (1) خستنە رووی نمونەی لێکۆڵینەوەکە لە رووی رەگەزەوە

| رەگەز | دووبارە | رێژە |
|---|---|---|
| نێر | 33 | ٪ 66 |
| مێ | 17 | ٪ 34 |
| هەمووی | 50 | ٪ 100 |

لەم خشتەیەدا وا نیشاندراوە، کە لە کۆی 50 کەس، کە بەشداری راپرسیەکە بوون 66 ٪ ی لە رەگەزی نێر بوون و 34 ٪ لە رەگەزی مێن، ئەگەر چی رەگەزی نێر بە رێژەیەکی زیاتر بەشدار بوون، بەڵام بە بەراورد بە زیادی رەگەزی نێر لە بواری وەرزشدا رێژەیەکی باش لە رەگەزی مێ لە راپرسیەکەدا بەشداری پێکراوە.

ـ عەینەیەکی مەبەستدار لە کەناڵە وەرزشیەکان هەردوو کەناڵی (فالکۆن و سپۆرت) وەرگیراوە.

### 2 ـ 8. سنوری توێژینەوە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە ئەم سێ بوارەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ- بواری مرۆیی: بواری مرۆیی توێژینەوەکە ئەگرێتەوە کە 50 کەس لە وەرزشەوانانی شاری سلێمانی.

ب- بواری شوێنی: بواری شوێنی توێژینەوەکە پارێزگای سلێمانیە، کە نوسینگەی سەرەکی هەردوو تەلەفیزیونی (فالکۆن) و(سپۆرت) دەکەوێتە ئەم پارێزگایەوە.

ج- بواری کاتی : لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدرا لە ماوەی (2016/7/1) تاکو (2016/9/31).

### 9-2 راستی رواڵەتی :

بەمەبەستی دڵنیابوون لەدروستی و زانستی بوونی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە، توێژەران (ڕاپرسی) یان ئامادەکرد وخستیانە بەردەم ژمارەیەك لە شارەزاو پسپۆران لە بواری ڕاگەیاندندا، ئەمەش بۆ زانینی لایەنە لاوازەکانی فۆرمەکەو دەرخستنی ئاستی دروستی و نادروستی برگەکانی و پەیوەندییان بە هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکەو هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی و ریزبەندیەوە،ئەم هەنگاوە بەشێوەیەکی گشتی دروستی و ئاستی (راپرسی)ەکە پیشان دەدات و توانستی ناوەرۆکەکەی لە هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا دەردەخات .

دوای پێداچوونەوەی شارەزایان و پسپۆران بە فۆرمەکەدا سەرنج و تێبینیەکان لەلایەن توێژەرانەوەو بەهەند وەرگیرا، لەو ڕووەوە توێژەران چەند پرسیارێکی پێویستیان زیادکرد وگورانکاریان لەهەندێك برگەدا کرد، تاکو ئەو ئاستەی فورمەکە بۆ دابەشکردنی بە سەر مشتە(عینە)ی توێژینەوەکەدا بەگونجاو زانرا.

### 2 -10. چارەسەرە ئاماریەکان

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا بەرنامەی ئاماریی کومپیوتەری (SPSS) یان بەکار هێنا لە پێناوی دەرکردنی رێژەی سەدی و دوبارەکان دا (ئەگەر چی ئامارێکی سادەن، بەڵام بەکارهێنانی ئەم بەرنامەیە هەم لە سودوەرگرتن لە کات و وردی ئامارەکەیە) بەئامانجی گەیشتن بە زانیاری ودەرئەنجامی ووردی ئاماری.

*ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)* *PP:31-43*
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6 Feb/2017

**2 . 11. جێگیریی**

توێژەران جێگیری توێژینەوەیان بەهۆی بەکارهێنانی یاسای (سپێر مان )ەوە دەرکرد ، ئەوەش دوای ئەوەی 40 رۆژ گەرانەوەی فۆرمەکانی ئەم توێژینەوەیە تێپەر بوو، بەمەبەستی دڵنیابوون لە چەسپاویەکەی، پرۆسەی جێگیری بۆ ئەنجام دراوە، بۆ ئەوەش جارێکی تر 20٪ فۆرمەکان، کە 10 فۆرم دەکات لە کۆی 50 فۆرم بۆ هەردوو کەناڵەکە بەسەر کارمەندانی کەناڵەکەدا دابەشکردەوە، کە پێشتر کۆدی ژمارەیی بۆ هەریەکە لەو فۆرمانە دانرابوو، دواتر وەرگیرانەوە و بۆ بەراوردکردن و پێوانەکردنی جیاوازی نێوان وەڵامەکانیش یاسای (سپێرمان) بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا بەکارهێنرا، بە پێی ئەم یاسایەش ئەنجامەکەی کردیە (88 ٪) ئەمەش رێژەیەکی گونجاوە بۆ پەسەندکردن وجێگیری ئەنجامی فۆرمەکان، کە بەسەر کارمەندانی کەناڵەکاندا دابەشکراون.

$$\text{یاسای سپێرمان (ر)} = 1 - \frac{6\ (\text{مج ف}^2)}{\text{ن}\ (\text{ن}^2 - 1)}$$

$$\text{(ر)} = 1 - \frac{6\ (500)}{10\ (2500 - 1)}$$

$$\text{(ر)} = 1 - \frac{3000}{24990}$$

$$\text{(ر)} = 1 - 0.12 = 88\ \%$$

**دووەم: پێناسەی چەمکەکان**

- رۆڵ: کۆمەڵێك کاری بەرجەستەکراوە، کە کەسێك لە هەڵوێستی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا پێی هەڵدەسێت، یان کۆمەڵێك خزمەتگوزاریە ئەگەر کارەکە پەیوەندی بە ئاپۆڕەوە بێت، وەکۆمەڵێك پاڵنەرە ئەگەر کارەکە پەیوەندی بە قەدەرەوە هەبێت. مانای رۆڵ لە چوارچێوەی مەعریفیدا و چۆنیەتی بەکارخستنی لە توێژینەوەکەدا هەوڵدانە بۆ زانینی رۆڵی پەیوەندی گشتی لە دروستکردنی وێنەی باش بۆ کەناڵەکە و ئەو چالاکیانەی، کە بۆ بەدەسهێنانی متمانە و هەڵسەنگانی جەماوەر بۆ دەزگاو ادمەزراوەکە پێی هەڵدەسێت. (لقصير رزيقة، 2006-2007، ص 29)
- تەلەفزیۆنی وەرزشی: مەبەست لێی تەلەفزیۆنێکی تایبەتمەندە لە بواری بابەتی وەرزشیدا و گرنگی بە هەواڵ و زانیارییە وەرزشیەکان دەدات و بەرنامەو یاریبە جیاوازەکانی وەرزش پەخش دەکات.
- وێنەی زەینی: دەرئەنجامی کۆتایی هەڵوێستە کەسیەکانە، کە لای تاکەکان یان کۆمەڵەکان، بەرامبەر بە کەسی دیاریکراو یان سیستەمێك یان گەلێك یان رەگەزێکی دیاریکراو، یان دامەزراوەیەك، یان رێکخراوێکی ناوچەیی، یان نێودەوڵەتی، یان پیشەیەکی دیاریکراو، یان هەرشتێکی تر دروست دەبێت، کە رەنگە کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ هەبێت ، و ئەم هەڵوێستانە دروست دەبن لە رێگەی ئەزموونە راستەوخۆ و ناراستەوخۆکان وە ئەم ئەزمونانە لەگەڵ سۆزی تاك و ئاراستە و بیروباوەڕیان یەکانگیر دەبن، بەلەبەرچاوگرتنی دروستی و ناردوستی زانیاریەکان کە لە ئەزمونەکان لە خۆ دەگرێت ، ئەم ئەزموونانە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە دۆخێکی راستە، کە لەرێگەیەوە سەیری دەوروبەری خۆیان پێدەکەن و لێی تێدەگەن لەسەر بنەمای ئەو ئەزموونە و هەڵی دەسەنگێنن ( علي عجوة، 2002، ص 10)
- وەرزشەوان :. بریتیە لە هەوڵدانی لاشەیی بە شارەزاییەکی گونجاو بەپێی کۆمەڵێك یاسا و رێسایی تایبەت کە بەمەبەستی خۆشی بەخشی و کێبڕکێ یان چێژوەرگرتن یان دەرکەوتن ئەنجام دەدرێت ئەمەش بە شیچواز و ئامانجی جیاوازی (کۆمەڵایەتیە، خودی)
- تەلەفزیۆنی فالکۆن: تەلەفزیۆنێکی تایبەتمەندە بە بواری وەرزش لە هەرێمی کوردستان بە سیستەمی (HD) پەخشی بەرنامەکانی دەکات، ماوەی چوار ساڵە ئەم تەلەفزیۆنە لەو بوارەدا کاردەکات.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)                                    PP:31-43
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6                                    Feb/2017

ـ تەلەفزیۆنی سپۆرت: تەلەفزیۆنێکی تایبەتمەندە بە بواری وەرزش لە هەرێمی کوردستان بە سیستمی (HD) پەخشی بەرنامەکانی دەکات، ماوەی هەشت ساڵە ئەم تەلەفزیۆنە لەو بوارەدا کاردەکات.

## سێهەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### 3. وێنەی زەینی و پەیوەندیەگشتیەکان، دروستکردنی وێنەی زەینی.

### 3 ـ 1. وێنەی زەینی و پەیوەندیەگشتیەکان

رۆبیسۆن و پارلۆ، تێروانینان بۆ دەستەواژەی وێنەی زەینی بەشێوەیەکی سادە ئەو وێنە ئاوەزییە کە لە زەینی جەماوەر دەربارەی دەزگای جیاواز بەرجەستە دەبێت، ئەم وێنەیەش لە ئەنجامی ئەزمونی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دروست دەبێت، ئەو ێنەیەش دەکرێت ئاوەزیانە بێت یان خود نا ئت ئاوەزیتنە بێت. هەر یەکە لەو وێنانەش پاڵپشتن بە بەبەڵگە و دۆکیومێنت یان پروپاگەندە و وشەی بێ بنەما، دواجار ئەو وێنەیە لای ئەو کەسانەی وەردەگیرێت و لە زەینی خۆیاندا بە وێنەی ڕاست بە نیسبەت خۆیانەوە ئەژمار دەکرێت،( حسانە رشید، 2009، بغداد، ص 35)

لە پێناسەیەکی جیاوازدا ( بولدنج) دەڵێت وێنەی کاندیدەکان لە هەڵبژاردنەکاندا لە زەینی جەماوەردا کۆمەڵە وێنەیەکی خودییە دەربارەی پاڵێوراوەکە دروست دەبێت لەلایەن دەنگەدەرەوە. (هەمان سەرچاوە، ص 36)

(علی عجوە دەڵێت) وێنەی زەینی زیاتر لە ڕوانگەی خودەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەلای تاك وکۆمەڵ دامەزراوە لەبەرامبەر بەکەسێك، یاخود سیستمێك، یاخود ڕێکخراوێك، یان دەزگایەکی نێودەوڵەتی، یان دامەزراوە یان هەردەزگایەك کە کاریگەری لەسەر خەڵکی هەبێت، ئەم ڕەنگدانەوەیەش بە ئەزمونێکی راستەوخۆ یان ناراستەو خۆ دەردەکەون، کە پابەندە،بە کردەیی سۆز و بۆچونەکانی تاك و کۆمەڵ .

بە پێی پێناسەی (پۆلچارت) وێنەی زەینی لە ئەنجامی پاشکۆ کردنی زەینییانەی کۆمەڵە وێنەیەك دروست دەبێت کە دەشێت هەڵوێستی کەسێك بێت بەرامبەر کارێکی ڕۆژانە یاخود ڕووداوێکی گرنگ بێت لە ژیانیدا، هەرکاتێك بیەوێت ئەم ڕووداوە لە ڕێگەی بانکی مێشکی بهێنێتەوە یاد و بیری خۆی. (د. سالم محمد العزاوي، عدد 17، 2013، ص 84-85)

خواسن و ئارەزووی مرۆڤ بۆ وێنەکان هەرگیز تێرنابێت پێویستە هەمیشە بەرپرسی کەناڵ بیر لەو وێنە و شانە بکاتەوە تاکو باشترین پەیام بە وێنە و بە وشە و بەزارەکی و دانانی فۆرم و لایەکی تایبەت بەبەکارهێنانی وێنە شتێکی ژیران و حەکیمانەیە ئێمە دەبێت پەیامەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان و زۆربەڕوونی بە ئامانجەوە بگەیەنین ( مالکۆلم ئێف، 1990، لا 26)

### 3 ـ 2. وێنەی زەینی و پەیوەندی گشتی

پەیوەندی گشتی: دەبێت لە نێوان ڕێکخراو و کۆمەڵگا زنجیرەی گەیشتن بێت، چونکە ناوەرۆك و کرۆکی پەیوەندیی گشت چالاکیەکی پەیوەندی و گەیاندنە، ئامانجی بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەرە، و لایەنگیری ئامانج و سیاسەتەکانی ڕێکخراوەکەیە، دەرخستنی وێنەیەکی ئەرێنیە بۆ ڕێکخراوەکە بەرامبەر جەماوەرو کۆمەڵی دەوروبەری خۆی. لێرەشەوە گرنگی وێنە دەردەکەوێت، کە جەماوەر بەرامبەر ڕێکخراوەکە هەڵیگرتووە ، کە وێنەدانەوەی ناسنامە دامەزراوەکەیە وەکو ئەوەی جەماوەر دەیبینێت. لێرەدا دەبێت ئاماژە بە جیاوازی نێوان دوو چەمك بکرێت، زاراوەی ناسنامەی یان کەسایەتی دامەزراوە نەك هەوڵی دامەزراوەکە بۆ بلاوکردنەوە و دەربڕینی مەبەستداربێت یان بێ مەبەست، بەڕێگە و شێوەی جیاواز کە لە ڕێگەیەوە ئاماژە بە ناسنامەی دامەزراوەکە دەکرێت، لە کاتێکدا کە وێنەی زەینی وێنە دانەوەی ئەو ڕێگایەیە، کە جەماوەر ڕێکخراوەکەی پێ دەبینێت، کە ئەویش وێناکردنە، تاك هەستی پێدەکات، تەنها لە زەینی ئەوانەدایە، کە پەیامەکان وەردەگرن ( عندنان مترۆك الشديفات، 2013 ، ص 98) .

### 3 ـ 3. دروستبوونی وینەی زەینی تەلەفزیۆنی:

هەر لە کۆنەوە وێنە هۆکاری پەیوەندی کردن بووە لەنێوان کەس و خەڵکانی ئەو کاتەدا، دوای ئەوەی کە وردە وردە لەگەڵ بەرەوپێشچونی کۆمەڵ و تەکنە لۆجیا و وێنەکان جوڵەیان تێکەوت و دواتر هۆکاری تری وەکو دەنگ و ڕەنگکردن زیادی کردوو هەتاوەکو ئەم سەردەمەی ئێستا چەندین بوار کاری تێداکراوە. (www.bostah.com-21/7/2016)

## چوارەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوە

### ڕۆڵی تەلەفزیۆنی وەرزشی لە دروستکردنی وێنەی زەینی لای وەرزشەوانان

### 4. ڕۆڵی تەلەفزیۆنی وەرزشی (Sport) و (Falcon) لە دروستکردنی وێنەی زەینی لای وەرزشەوانان

### 4 ـ 1. تەلەفزیۆنی وەرزشی ( Sport) و (Falcon Eye)

PP:31-43 ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
Feb/2017 Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6

تەلەفزیۆنی وەرزشی ( Sport) و (Falcon Eye) دوو کەناڵی وەرزشی تایبەتمەندن، کە لە سنوری هەرێمی کوردستان وەك دوو کەناڵی ناوخۆیی پەخشی بەرنامە و هەواڵی وەرزشی دەکەن و یاریە وەرزشیەکان بۆ بینەرانیان دەگوازنەوە، ئەم دوو کەناڵە زیاد لە 4-8 ساڵە بە سیستمی (HD) پەخشی بەرنامەکانیان دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی ئەم دوو کەناڵە بەرنامەکانیان لە چوارچێوەی هەواڵی وەرزشی و پەخشکردنی یاریە وەرزشیەکان و بەرنامەی پێشبڕکی و دیداری وەرزشی و شیکاری یارییە وەرزشیەکاندا خۆیان دەبیننەوە.

**2 - 4. ڕۆڵی تەلەفزیۆنی وەرزشی ( Sport) و (Falcon Eye) لە دروستکردنی وێنەی زەینی**

بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی ئەم دووکەناڵە لە دروستکردنی وێنەی زەینی لای وەرزشەوانان سود لە بڵاوکردنەوەی فۆرمێکی ڕاپرسی وەرگیراوە، کە چەندین پرسیاری تایبەت بە پێوانەکردنی وێنەی زەینی تێدایە و بەسەر 50 کەسی وەرزشەوانی بینەری ئەو دووکەناڵە دابەشکراوەو ئەنجامەکەیان بەرێگەیەکی زانستی لێکدراوەتەوە، کە لێرەدا توێژەران هەموو ئەنجام و خستنە ڕووەکان دەخەنە بەر باسو لێکۆڵینەوە.

**1- نموونەی لێکۆڵینەوەکە لە ڕووی ئاستی بینەربونی کەناڵە وەرزشیەکانەوە.**

لە کۆی 50 بەشداربووی ڕاپرسی توێژینەوەکە 50 بەشدار بوو بە شێوەیەکی تەواو بینەری هەردوو کەناڵی (فالکۆن و سپۆرت) بوون هیچ یەك لە بەشداربوانی ڕاپرسیەکە نەبووە، کە بینەر نەبێت. وەك لە خشتەی ژمارە (2) دا دەردەکەوێت

خشتەی (2) خستنەڕووی نمونەی لێکۆڵینەوەکە لە ڕووی ئاستی بینەربونی کەناڵە وەرزشیەکانەوە.

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 50 | ٪ 100 |
| نەخێر | 0 | ٪ 0 |
| هەمووی | 50 | ٪ 100 |

بە پیی ئەم خشتەیە 100 ٪ ی بەشدار بوەکانی ڕاپرسیەکە، کە 50 وەرزشکارن بینەری هەردوو کەناڵی (فالکۆن و سپۆرت) ن کە دوو نمونەی توێژینەوەکەن بەم شێوەیە ڕێژەی تەواوی بەشداربوانی ڕاپرسیەکە بینەری ئەوو دوو کەناڵەن ئەمەش وانیشان دەدات ئەم دوو کەناڵە وەرزشیە بینەری باشی وەرزشی هەیە.

**2. ئاستی بینەر بونی بەشداربوانی ڕاپرسیەکە بۆ بینەربونی کەناڵەکان.**

لە بارەی ئەوەی، کە ئایا بەشداربوانی ڕاپرسیەکە زیاتر بینەری کەناڵی فالکۆن)ن، یاخود کەناڵی (سپۆرت) 27 کەس لە کۆی 50 کەس وایان نیشانداوە کە بینەری کەناڵی (سپۆرت)ن و 23 کەسیشیان بینەری کەناڵی (فالکۆن)ن، وەك لە خشتەی ژمارە (3) دا خراوەتەروو.

خشتەی (3) خستنەڕووی ئاستی بینەربوونی بەشداربوانی ڕاپرسیەکە بۆ بینەربونی کەناڵەکان.

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| سپۆرت | 27 | ٪ 54 |
| فالکۆن ئای | 23 | ٪ 46 |
| هەمووی | 50 | ٪ 100 |

بەپێی ئەم زانیاریانەی نێو خشتەکە بینەرانی هەردوو کەناڵەکە تارادەیەك لە نموونەی توێژینەوەکە لێك نزیکن، کە بەڕێژەی 54 ٪ بینەری تەلەفزیۆنی سپۆرت و 46 ٪ بینەری فالکۆن ئایین

**3.ڕادەی کاریگەری کەناڵە وەرزشیەکان لەسەر بینەران**

PP:31-43                    ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
Feb/2017                    Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6

لە كۆی 50 كەسی بەشدار بوو لە راپرسیەكەدا و لە بارەی وەڵامی پرسیاری ئایا كەناڵە وەرزشیە كوردیەكان كاریگەریان لەسەر تۆی وەرزشەوان هەیە وەك بینەری كەناڵەكە؟ 31 كەس بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەو و 7 كەس بە نەخێر و 12 كەسی دیكەش وایان نیشان داوە، كە تارادەیەك كاریگەری هەیە. وەك لە خشتەی ژمارە (4) دا خراوەتە روو.

خشتەی (4) خستنە رووی رادەی كاریگەری كەناڵە وەرزشیەكان  لەسەر بینەران

| گۆڕاو | دووبارە | رێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 31 | 62 ٪ |
| تارادەیەك | 12 | 24 ٪ |
| نەخێر | 7 | 14 ٪ |
| هەمووی | 50 | 100 ٪ |

بە پێی ئەم خشتەیە 62 ٪ ی بینەرانی (وەرزشەوانان) كەناڵكان لە ژێر گاریگەری پەیامە وەرزشیەكانی كەناڵەوەرزشیە كوردیەكانــدانو 7٪ وەرزشەوانان نەكەوتونەتە ژێر كاریگەری كەناڵە وەرزشیە كوردیەكان، رێژەی 24 ٪ تا رادەیەك كەوتونەتە ژێر كاریگەریەوە، بە پێی ئەم ئەنجامە رێژەیەكی زۆری وەرزشەوانان، كە بینەری كەناڵە وەرزشیە كوردیەكانن كەوتونەتە ژێر كاریگەری پەیامە وەرزشیەكانی كەناڵە وەرزشیە كوردیەكانەوە، كە لە ناوخۆی هەرێمی كوردستاندا پەخش دەكەن.

## 4. ئاستی پێداویستی وەرزشی لە ڕووی میدیاییەوە

لە كۆی 50 كەسی بەشداری راپرسیەكە 22 بە شێوەیەكی تەواو 8 كەس تارادەیەك پێیان وایە، كە ئەو دوو كەناڵە پێداویستیەكانی پەیامی وەرزشی وەرزشەوانان پڕ دەكەنەوە لە ڕووی هەواڵ و بەرنامەی وەرزشی و بابەتە جیاوازەكانی ترەوە، 20 كەسیش پێیان وایە، كە نەیان توانیوە ئەو ئەركە ببینن. وەك لە خشتەی ژمارە (5)دا خراوەتە ڕوو

خشتەی (5) خستنەڕووی ئاستی پێداویستی وەرزشی لە ڕووی میدیاییەوە

| گۆڕاو | دووبارە | رێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 22 | 44 ٪ |
| نەخێر | 20 | 40 ٪ |
| تارادەیەك | 8 | 16 ٪ |
| هەمووی | 50 | 100 ٪ |

لەسەر بنەمای زانیاریەكانی ئەم خشتەیە 44 ٪ ی بینەرانی وەرزشی كەناڵە وەرزشیەكوردیەكان بەشێوەیەكی تەواوو 16٪ تا رادەیەكی بەرچاو پێداویستی پەیامی وەرزشی لە لایەن كەناڵە كوردیە وەرزشیەكانەوە پركراوەتەوە و 40 ٪ وانیشان دەدەن، كە ئەم كەناڵە كوردیانە نەیانتوانیوە هەموو پەیامی وەرزشی وەرزشەوانان تێر بكەن . بە پێی ئەم ئەنجامە زیاتر وەرزشەوانانی بینەری كەناڵە وەرزشیە كوردیەكان لایان وایە كە ئەم كەناڵە كوردیە وەرزشیانە بۆ گەیاندنی پەیامە وەرزشیەكان لە ئاستی خواستی وەرزشواناندان، لە بەرانبەردا ئەوەش پێویستە لەبەرچاو بگیرێت كە رێژەیەكی بەرچاو پێداویستی تر هەن كە لای رێژەیەكی بەرچاوی بەشداربووانی راپرسیەكە پڕ نەكراونەتەوە و ئەبێت كەناڵەكان گرنگیان پێبدەن.

## 5. ئاستی گەیاندنی پەیامی وەرزشی لە ڕووی میدیاییەوە

لەبارەی ئەوەی، كە تا چ رادەیەك لەلایەن كەناڵەكەوە پەیامە وەرزشیەكان دەگەیەننە وەرزشەوانان 19 كەس لە بەشدار بوان پێیان وایە زۆر باش دەیگەیەنێت و 10 كەسیش لایان وایە تارادەیەك پەیامەكان دەگەیەنێت، 21 كەسیش لایان وایە ناتوانێت پەیامە وەرزشیەكان بگەیەنن، وەك لە خشتەی ژمارە (6) دا خراوەتە ڕوو.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:31-43
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6 Feb/2017

خشتەی (6) خستنەڕووی ئاستی گەیاندنی پەیامی وەرزشی لە ڕووی میدیاییەوە.

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 29 | ٪ 58 |
| نەخێر | 21 | ٪ 42 |
| تارادەیەك | 0 | ٪ 0 |
| هەمووی | 50 | ٪ 100 |

بەپێی زانیاریەكانی ئەم خشتەیە 58٪ ی بینەرانی وەرزشی كەناڵەكوردیەكان لایان وایە، كە ناڵە وەرزشیە كوردیەكان توانیویانە پەیامە وەرزشیە پێویستەكان بگەیەننە وەرزشەوانان ، لە بەرانبەر ئەمانەشدا 42 ٪ پێیان وایە ناتوانن پەیامە پێویستەكان بگەیەننە بینەران. بە پێی ئەم ئەنجامە زۆرینە لای وایە كەناڵە وەرزشیە كوردیەكان پەیامی پێویستی وەرزشی دەگەیەننە وەرزشەوانان (بینەران)

### 6. سەرچاوەی هەواڵی وەرزشی بۆ وەرزشەوانان

سەبارەت بەوەی كە كەناڵی وەرزشی لۆكاڵی تا چەند بونەتە سەرچاوە بۆ بڵاوبونەوەی چالاكیەكانی وەرزشەوانان لە هەرێمی كوردستان، لە كۆی 50 وەرزشەوانی بەشدار بوو 28 كەسیان پێیان وایە بەڵێ ئەو كەناڵانە بونەتە سەرچاوە بۆ بڵاوكردنەوەی چالاكیەكانیان و 17 كەسیش رایان وایە تارادەیەك بوەتە سەرچاوەو لە بەرانبەریشدا 5 كەس پێیان وایە كە نەبونەتە سەرچاوەیەك. وەك لە خشتەی ژمارە (7) دا ڕوونكراوەتەوە.

خشتەی (7) خستنەڕووی ئاستی كاریگەری كەناڵەكانی تاچەند بونەتە سەرچاوەی هەواڵی وەرزشی بۆ وەرزشەوانان.

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 28 | ٪ 56 |
| نەخێر | 5 | ٪ 10 |
| تارادەیەك | 17 | ٪ 34 |
| هەمووی | 50 | ٪ 100 |

لەسەر بنەمای زانیاریەكانی ئەم نەخشەیە وا دەردەكەوێت زۆرینەی وەرزشەوانان لایان وایە كە ئەوكەناڵانە بەرێژەی جیاواز بونەتە سەرچاوەی بڵاوكردنەوەی چالاكیە وەرزشیەكانیان، لەو نێوەندەدا 56 ٪ بە بەڵێ وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە، كە ئایا ئەو كەناڵانە بونەتە سەرچاوەی بڵاوكردنەوەی چالاكیەكانیان، 34 ٪ پێیان وایە تا رادەیەك بوونەتە سەرچاوە، لە بەرانبەردا 10 ٪ لایان وایە نەبوونەتە سەرچاوەی سەرەكی بڵاو بونەوەی چالاكیەكانیان.

### 7. گرنگی بوونی ئەو كەناڵانە.

سەبارەت گرنگی بوونی ئەو كەناڵانە، ڕەنگدانەوەی نەبونیان، یاخود ئایا نەبونی ئەو كەناڵانە چەند دەبێتە بۆشایی لای وەرزشەوانان لە كۆی 50 كەس 25 كەس وەڵامی بەڵێیان داوەتەوەو 18 كەسیشیان لایان وایە تارادەیەك بۆشایی دروست دەكات، لە بەرانبەردا 7 كەس لایان وایە نەبونیان نابێتە بۆشایی، وەك لە خشتەی ژمارە (8) دا خراوەتە روو.

خشتەی (8) خستنە رووی ئاستی كاریگەری كەناڵەكان بە نەبونیان بۆشایی زانیاری دروست بێت.

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 25 | ٪ 50 |
| نەخێر | 7 | ٪ 14 |
| تارادەیەك | 18 | ٪ 36 |

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:31-43
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6 Feb/2017

| | | |
|---|---|---|
| هەمووی | 50 | ٪ 100 |

بەپێی زانیاریەکانی ئەم خشتەیە زۆربەی وەرزشەوانان (بینەران) بە ڕێژەی 50 ٪ کە بەڵێ وەلامیان داوەتەوە و 36 ٪ بە تارادەیەك وەڵامیان داوەتەوە لایان وایە، کە نەبونی کەناڵی وەرزشی کوردی بۆشاییەك لە کایەی وەرزشی کوردیدا دروست دەکات، لە بەرانبەردا تەنها 14 ٪ لایان وایە، کە نەبونی کەناڵە وەرزشیەکان نابێتە بۆشایی لە کایەی وەرزشی هەرێمی کوردستاندا.

**8. ڕەنگدانەوەی وێنەی وەرزشەوانان لە کەناڵە وەرزشیەکاندا**

لە بارەی ئەوەی کە ئایا وەرزشەوانان (بینەران) چەندە وێنەی خۆیان لە هەردوو کەناڵ دەبینیتەوە، لە کۆی 50 کەس 24 کەس بە بەڵێ وەلامی پرسیارەکەیان داوەتەوە و 17 کەسیش بە تارادەیەك وەڵامی ئەوەیان داوەتەوە، کە وێنەی خۆیان لەو کەناڵەدا دەبیننەوە ، لە بەرانبەردا 9 کەسە لایان وایە، کە وێنای خۆیان لەو کەناڵانەدا نابیننەوە، وەك لە خشتەی ژمارە (9) دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی (9) خستنە رووی ئاستی کاریگەری کەناڵەکان کە ئایا وەرزشەوانان وێنای خۆیان لەو کەناڵانەدا دەبیننەوە

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 24 | ٪ 48 |
| نەخێر | 9 | ٪ 18 |
| تارادەیەك | 17 | ٪ 34 |
| هەمووی | 50 | ٪ 100 |

لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لە خشتەکەدا خراونەتەڕوو زۆرینەی وەرزشەوانان لایان وایە، کە وێنەی خۆیان لە کەناڵە وەرزشیەکاندا دەبیننەوە وەك دەرکەوتوە ڕێژەی 48 ٪ لایان وایە بەتەواوەتی وێنەی خۆیان دەبیننەوە و 34 ٪ پێیان وایە تا رادەیەك وێنەی خۆیان دەبیننەوە، لە بەرانبەردا 18 ٪ لایان وایە وێنەی خۆیان لە کەناڵە وەرزشیە کوردیەکاندا نابیننەوە. ئەمە وانیشان دەدات، کە کەناڵە کوردیە وەرزشیەکان بونەتە وێنایەك بۆ وەرزشەوانانی هەرێمی کوردستان.

**9. سەرچاوەی هەواڵ و بابەتە وەرزشیەکان**

سەبارەت بەوەی ئایا ئەو کەناڵە کوردیانەی، کە لە هەرێمدا هەن بونەتە تاکە سەرچاوە بۆ گەیاندنی پەیامە وەرزشیەکان بە بینەران لە کۆی 50 کەس 21 کەس لایان وایە کە ئەو کەناڵانە بونەتە تاکە سەرچاوە و 29 کەسیش لایان وایە، کە جگە لە کەناڵە کوردیە وەرزشیەکاکان سەرچاوەی تری میدیایی بەکاردەهێنن و کەناڵە کوردیە وەرزشیەکان تاکە سەرچاوە نین. وەك لە خشتەی ژمارە (10) دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی (10) خستنەڕووی ئاستی کاریگەری کەناڵ بەوەی، کەئایا بونەتە تاکە سەرچاوەی هەواڵو بابەتە وەرزشیەکان

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 21 | ٪ 42 |
| نەخێر | 29 | ٪ 58 |
| هەمووی | 50 | ٪ 100 |

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)                                    PP:31-43
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6                                    Feb/2017

بەپێی زانیاریەكانی ئەم خشتەیە زۆربەی وەرزشەوانان لایان وایە، كە كەناڵە كوردیە وەرزشیەكان نەیان توانیوە ببنە تاكە سەرچاوەی هەواڵ و بابەتی وەرزشی، بەڵكو سەرچاوەی تر هەن، كە پەنایان بۆ دەبرێت، ئەمەش بەرێژەی 58 ٪ كە لایان وایە تاكە سەرچاوە نین، 42 ٪ لایان وایە تاكە سەرچاوەن.

**10. كوالیتی دەنگ و رەنگەی كەناڵە وەرزشیەكان**

سەبارەت بە كوالیتی دەنگ و رەنگی كەناڵە وەرزشیە كوردیەكان و كاریگەریی لەسەر بینەران لە كۆی 50 كەس، 39 كەس لایان وایە، كە بەڵێ كوالیتی دەنگ و ڕەنگی كەناڵە وەرزشیە كوردیەكان لە ئاستی باشدان و 8 كەسیش لای وایە تارادیەك كوالیتیان باشە، لە بەرانبەردا 3 كەس لایان وایە ئەو كەناڵانە لە ڕووی كوالیتیەوە لە ئاستی پێویستدا نین. وەك لە خشتەی ژمارە (11) دا خراوەتە ڕوو

خشتەی (11) خستنەڕووی ئاستی كەناڵ لە رووی كوالیتی دەنگ و رەنگەوە

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 39 | 78 ٪ |
| نەخێر | 3 | 6 ٪ |
| تار رادەیەك | 8 | 16 ٪ |
| هەمووی | 50 | 100 ٪ |

لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لەو خشتەیەدا هاتووە زۆربەی بینەران و وەرزشەوانان لایان وایە، كە كوالیتی كەناڵە وەرزشیە كوردیەكان لە ئاستی باشدان، بەشێوەیەك بە ڕێژەی 78 ٪  پێیان وایە بەتەواوی كوالیتی دەنگ و ڕەنگ باشەو 16 ٪ پێیان وایە تا رادەیەك كوالیتی باشە، لە بەرامبەردا 6 ٪ لایان وایە كە كوالیتی دەنگ و ڕەنگ باش نییە.

**11. كاری پیشەیی و بێلایەنی كەناڵە وەرزشیەكان**

سەبارەت بەوەی، كە ئایا تا چەند كەناڵە وەرزشیەكان بە پیشەییانەو بێلایەنانە كاردەكەن، لە كۆی 50 كەس 27 كەس لایان وایە كە بەڵێ كاری پیشەیی و بێلایەن دەكەن و 20 كەسیش لایان وایە كە تا ڕادەیەك كارەكەیان پیشەیی و بێلایەنە، هەروەها 3 كەسیش لایان وایە كە كارەكەیان پیشەیی و بێلایەن نیە. وەك لە خشتەی ژمارە (12)دا خراوەتە روو.

خشتەی (12) خستنەڕووی ئاستی كەناڵ لە ڕووی كاركردن لەسەر بنەمای پیشەیی و بێلایەنی

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 27 | 54 ٪ |
| نەخێر | 3 | 6 ٪ |
| تار رادەیەك | 20 | 40 ٪ |
| هەمووی | 50 | 100 ٪ |

بەپێی زانیاریەكانی خشتەكە ڕێژەی 45 ٪ وا نیشانی دەدەن، كە بەڵێ كەناڵە وەرزشیە كوردیەكان بە پیشەیی و بێلایەنانە كاردەكەن و 40 ٪ لایان وایە تارادەیەك بێلایەن و پیشەیی كاردەكەن، لە بەرانبەردا 6٪ لایان وایە، كە نەخێر كەناڵە كوردیە وەرزشیەكان بە پیشەیی و بێلایەنانەكار ناكەن. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات كە تا رادەیەكی زۆر كەناڵە كوردیە وەرزشیەكان بە پیشەیی و بێلایەنانە كار دەكەن.

**5. ئەنجام :**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتوون، كە گرنگترینیان لە خوارەوەدا  خراونەتەروو:

1. هەردوو كەناڵی (سپۆرت و فالكۆن ئیی) دوو كەناڵی وەرزشی خاوەن بینەری بەرچاون لە هەرێمی كوردستان بە جۆرێك، كە زۆرێك لە وەرزشەوانان وێنای خۆیان لەو كەناڵانەدا دەبیننەوە.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:31-43
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.6 Feb/2017

2. کەناڵی سپۆرت بە بەراود لەگەڵ کەناڵی فالکۆن بینەری زیاترە.
3. کەناڵە وەرزشیەکان لە هەرێمی کوردستان توانیویانە ببنە سەرچاوەیەك بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکیە وەرزشیەکان، ئەو وێنایەیان لە زەینی وەرزشە واناندا دروست کردوە، کە وەك سەرچاوەی بلاو کردنەوەی چالاکیەکانیان لێیڕوانن.
4. لەگەڵ ئەوەی کەناڵە وەرزشیە کوردیەکان لای وەرزشە وانان سەرچاوەی هەواڵ و بابەتی وەرزشین، بەڵام نەیان توانیوە ببنە تاکە سەرچاوە بۆ وەرزشەوانان.
5. کەناڵە وەرزشیە کوردیەکان لە رووی کاری پیشەیی و بێلایەنیەوە توانیو یانە وێنایەکی باش بخەنە زەینی بینەران و وەرزشە وانانەوە .
6. لە رووی کوالیتی رەنگ و دەنگە ئەم دوو کەناڵە لە ئاستێکی تەکنیکی باشدان
7. لەگەڵ ئەوەی تایبەتمەند بوونی میدیا رۆڵی بەرچاوی لە دروستکر وێنەی زەینی هەیە ، هەروەك چۆن کارکردنی پەیوەندی گشتی لە راگەیاندند رۆڵی گرنگی هەیە، لەم توێژینەوەیدا گەشتینە ئەو ئەنجامە، کە هەماهەنگی ئەم دوو بوارە رۆڵی دروستکردنی وێنەی زەینی لای بینەران زیاتر دەکات.

**6. پێشنیاز و راسپاردە**

**1 .6. راسپاردە**

لەئاکامی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم راسپاردانە لەلای توێژەران گەڵاڵەبووە و دەیخەنە ڕوو بۆ لێکۆڵەرەوانی دواتر تاکو توێژینەوەی زانستیان لە بارەوە ئەنجام بدەن:

- ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر کاریگەری کەناڵە وەرزشیەکان لە پێشخستنی کایەی وەرزشی لە هەرێمی کوردستاندا
- روونکردنەوەی فەرهەنگسازی لە تەلەفزیۆنیە وەرزشیەکانی هەرێمی کوردستاندا .
- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەمەر رۆڵی خولەکانی بەهێزکردن لەبەرەو پێشبردنی تەلەفزیۆنی وەرزشیدا.

**2 .6. پێشنیاز**

لە بەر رۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەم پێشنیازانە دەخەینە بەردەم تەلەفزیۆنە وەرزشیەکانی هەرێمی کوردستان لە پێناو بەهێزکردنیان.

- دامەزراوەی تەلەفزیۆنی ئاسمانی تایبەت بە وەرزش لە هەرێمی کوردستان
- گرنگیدان بە وەرزش لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی لە کەناڵە وەرزشیەکاندا.


**لیستی سەرچاوەکان :**

- سەرچاوەی عەرەبی
  - حسانه رشيد: العلاقات العامه الاستراتيجيه تقنيه مهارات، 2009، بغداد.
  - د. سالم محمد العزاوی: مجله باحب الاعلام، عدد 17، 2013.
  - علي عجوة، العلاقات العامةو الصورة الذهنية، 2002.
  - عندنان متروك الشديفات: الصورة الذهنية لدائرة العلاقات العامةو الإعلام لدى الاعضاء الهيئة التدريسية في الجامعات الاردنية، 2013 رسالة الماجستير، جامعة شرق الاوسط
  - لقصير رزيقة: دور العلاقات العامة في تحسين صورة المؤسسة الاقتصادية جامعة منتوري، قسنطينة جزائير، 2006-2007.
- سەرچاوەی کوردی
  - مالکۆڵم ئێف: هاوڕێ ڕۆژنامە نوسان: 1990.

- سەرچاوەی ئینگلیزی

Yvonne N. Bui, How to write a master thesis, university of Sanfrancisco, sage publucations, 2009, 23-24

1. https://ar.wikipedia.org/wiki/%D%8B%1D8%9A%D%8A%7D%8B%6D%8A( 9
2. http://www.bostah.com/%D%8A%7D%84%9D%8B%5D%88%9D%8B%1D%8A9-%D%8A%3D%88%9D%84%9D%8A7-%D%88%9D%8AB%D%8A%7D%86%9D8%9A%D%8A7-%D%88%9D%8AB%D%8A%7D%84%9D%8AB%D%8A7.html)